# بەحەیا وەرە حزوور بە ئەدەب سوژدەبەرە

جەمال پیرە

ئەگەر گوتاری رۆشنبیریی هەڵگری پێناسەی کەسانێکی قاڵبووی بێئاگایی مەعریفیی بێ، ئەگەر بەتەنها پێناسەی کەسێکی سادەگۆ لای هەندێ کەسی بێئاگا پێوەر بێ بۆ گوتاری رۆشنبیریی، دەبێ لە ئێستاوە ماڵی خۆمان تێکبنێین‌و قەڵەم‌و کتێب‌و پەڕاووکتێبخانەکانمان بسوتێنین، گوتاری رۆشنبیریی هەرگیز ئەوە نییە کە هەندێ کەس بەبەغایانە دەست بە جوینەوەی دێرو رستەی کەسانێکی شارەزا دەکەن‌و دێن لەلایەکی ترەوە بە خەڵکی دەفرۆشن، پێناسەی گوتاری رۆشنبیریی هەرگیز نابێ لەو کەسانە وەربگیرێ  کە لەدەمیاندا ژەهر بباریێ‌و بە جنێوو قسەی ناشیرین برازێنرێتەوەو لە پەنایەکی‌تریشەوە دەست بەناوزڕاندنی ئەویدی بکات، بێ ئەوەی رەخنەیەکی فیکریی یا وەستانێکی مەعریفیت لەسەر هەبێ، ئەو کەسەی دەیەوێ حەسودی فیکریی‌و مەکانەتی روناکبیریی خۆی بە جنێوو قسەی ناشیرین پڕبکاتەوە، دەبێ رۆژێکیش بۆ ئەوە تەرخان بکات تا سەرزەنشت بکرێ، ئەم سەرەتایە کورتەم بۆ ئەوەیە تا لەسەر یەکێ لەو ئینشا جنێوئامێزانە بەکورتی بنووسم کە لە ژمارە 13ی هەفتەنامەی زاری کرمانجیدا پێنووسی نوری بێخالی بلاوبووەتەوە، وەك کە جنێونووس لای چەند برادەرێك باسی کردبوو گوایە کە لەسەر منی نووسیوەو حەیای منی بردووە.....!!!لە راستیدا من نازانم ئەو برادەرە بەچی دەڵێ حەیاو بەچی هەگبەیەکی پڕ لە حەیاوە حەیای کەسێك دەبات کە بێمننەتانە ئامادەیی رووبەڕووبوونەوەی کەسانی وەك ئەوی تێدایە، کە ئینشاکەم خوێندەوە نەمتوانی لەبەر پێکەنین خۆم رابگرم بەوەی کە کەسێکی ئیفلیج کەسێك کە لەگەمەکانی ژیانی رۆژانەو نوسین بە دۆڕاوی ناسرابێت‌و هاتبێتەوە، جنێونوسێك کە من وا هەستدەکەم دەیەوێ شکستە مەعریفییەکانی خۆی بە جنێو وەشاندن بشارێتەوە، لە پاڵیشییەوە پێگە چەورەکەی خۆی قایمتر بکات، راستییەکەی دوای خوێندنەوەی ئینشاکە بەهیچ شێوەیەك نیازی وەلآمدانەوەم نەبوو پێموابوو کاتی خۆم بۆ درۆنووس‌و جنێوفرۆشان بەهەدەر نەدەم، لەهەمانکاتدا بیرم لەو گوتە عەرەبییە دەکردەوە کە دەڵێ" جواب ...... السکوت" بەڵام لەپێناو تێپەڕنەبوونی کۆمەڵێك هەڵەی مەعریفیی بەسەر خوێنەردا بڕیارم دا بەکورتی وەلامێکی ئینشاکە بدەمەوە.

سارتەر دەڵێ " مرۆڤ هەڵوێستە" بەو پێیە بێ دەبێ ئەوەی هەڵگری هەڵوێست نەبێ مرۆڤ نەبێ کە من سەد دەرسەد لەگەڵیدام، کەسێك گەر لە نزیکەوە ئینشانووسەکە بناسێ‌و ئینشاکەیشی

بخوێنێتەوە تێدەگا کە ئەو یەکەمین کەسێکە لە مێژووی نوسیندا وا بەڕاشکاوی لەسەر خۆیو فرۆفێڵو دۆگمابییەکەی بنووسێ، ئەوە پیشەی قەڵەمی نەزۆکە کە بەرامبەرەکەت بەو سیفاتە ناشیرنانەی کە خۆی هەیەتی تاوانبار بکات، بەس تەنها لەبەر ئەوەی سیما رەشەکانی خۆی پەردەپۆش بکات، کە ناکرێو هەرگیز مومکین نییە منالێکی ئەم دەڤەرە کاراکتەری دۆڕاوی ئەو لەیاد بکات، ئەو لەسەرەتای ئینشاکەیدا بەوە دەستپێدەکات کە وەك ئەوەی فەیلەسوفو شارەزایەکی مەزنی نێو گوتاری رۆشنبیریی بێت...! ! دەڵێ" فرێدانی وشەو چەمكو پەنا بردن بۆ گوتراوەکانی خەڵکی ترو ...خواستنیان نییە" بەڵێ ئەم رستەیە زۆر راستە بەڵام رێگەمبدە با سەرنجی خۆمت بۆ بنووسم بزانم تا چەند تۆ لێرەدا ئەوەیت، گەر بەپێی ئەو نووسینەی تۆ بێ دەبێ گوتاری رۆشنبیریی فرێدانی جنێوو چەمكو ئیتیهامکردنبێ بە کەسانی ترو خواستنی گوتراوەکانی خەڵکی بێت، هەر بۆیە هەڵەی مەعریفیی تۆ هەر لەیەکەم برگەی ئینشاکەدا زۆر بەزەقیی بەدەردەکەوێت کە لەدوای بیسمیلایی بەچەند جنێوێکی نائینسانانە و نا رەوایانە کە پێموایە جگە لە هیکەسێکی شەڕانگێزو نەخۆشو خێلەکییو نەخوێندەوار هی کەسێکی تر نین، وەختێ دێرە شیعرێکی شێخ رەزای نەمر بە حاجی قادری کۆیی بۆ خوێنەر دەناسێنی، گوایە کە خۆت هەڵگری زمانو تێگەیشتنێکی مەعریفییانەی هەر بۆیە نەتتوانیوە کەسێك نەبی لەناو حەشرە نێرەکەرەکەی شێخ رەزا.

"کەس بە وشەی زلو گوزارشتی قەبەو وەعزدانو لووت بەرزی یان بە پێك هەڵدانو دانیشتن........نەبۆتەو نابێ بە فەیلەسوفو رووناکبیرو خاوەن شوناسی رۆشنبیریی" بەڵێ تۆ بە هێنانەوەی شیعری شاعیرێك بەناوی شاعیرێکی ترو بە جنێودانو مەزادکردنی بەردەوامانەی وشەو ئینشاکانت، بە دوو روویی‌و دوو زمانیت، لە راستیدا هەندێ سیفاتی تر کە مرۆڤ شەرم لە دەربڕینیان دەکات، بوویت بە فەیلەسوفو رووناکبیرو خاوەن شوناسی رۆشنبیریی، دواتر کێ رۆژێ لە رۆژان لە منی بیستووە من بەخۆم وتبێ فەیلەسوف یا رووناکبیر یا کەسێکی خاوەن گوتاری رۆشنبیریی ئەگەر خاوەنی گوتاری رۆشنبیریی خۆیشم بوو بم؟! ! گەر نەخۆشبوونی تۆ بیری بۆ ئەم ئیتیهامە نەچووبێ؟ من نازانم وەختێ تۆ باسی یەکلابوونەوە دەکەیت دەتەوێ چی بە خوێنەر بڵێیت؟ تۆ کە خۆت بەردەوام وەك کەسێکی ناسەقامگیربووی دەروونی خۆت چەند لایی کردۆتەوە، بۆ رووی قەڵەمە نەزۆکەکەت دەکەیتە کەسێکی تر، چ قەدەرێکی وێرانە ئێمەی هێناوە؟ جەهلبینی تۆو ئەوانەی وەك تۆ بیردەکەنەوە کە من پێموایە کەس وەك تۆ دۆڕاو نییە،

شكستی مەعریفییانەی تۆو حەیابردنی كایەی كولتوریی لەسەردەستی كەسانێكی وەك تۆ، ئێمەی هێنایە سەر گۆڕەپانەكەو ناچاربووین بۆ ئەوەی كەسێكو هەژارێكی وەك تۆ نەبین بە سكێچێكی جوانترو تۆكمەترو هەگبەیەكی پڕ سەرچاوەترو ماندووبوونو شەونخوونی ژیانمان بێینە مەیدان كە تۆ هەرگیز قەبوڵت نییەو قەبوڵت نابێ!!. ئەوە من نەبووم ماوەیەك بەر لەئێستا وێنەی سەرۆكێك بەیاخەكەمەوە دەبینراو دووای دوو مانگی تر وێنەی سەرۆكێكی ترو نووسینی پڕ لە ستاییشی حیزبییانە دەخەمە بەر دەستی خوێنەر، ئەوە تۆیت..!!بۆ( شوێنكاتێك كە پارووت تێدا چەورتر بێت).

چ جەهلێكە لەخۆتەوە بە من بڵێیت سێبەری خۆت لێ بووە بە ئەژدیهاو( رۆسۆو ڤۆلتێرو مۆنتسكیۆو دیدرۆ) ئەم ناو ریزكردنانەت یانی چی؟ كێ رۆژێ لە رۆژان لە هیچ سەكۆیەكدا مەدحو سەنای خۆی كردووەو خۆی بە كەسێكی تر شوبهاندووە؟!! ئەوە تۆیت لەكەم مەعریفەییدا ناتوانیت لە ماناو مەغزاكانی دەسەلات بگەیت، وەختێ بە بەندە دەڵێی بۆت نییە قسە لە دەسەلات بكەیت كە لە نێو دەسەلاتدا بیت...!! وەك ئەوەی كە تۆ خوانگۆڕترین پیاوی دەسەلات نەبوویتو نیت...!!!من چی وەلامی كەسێك بدەمەوە هەر كە ناوی دەسەلات دێت ئەو بیری بۆ دەسەلاتی سیاسییو ئیدارییی دەچێت، لە كاتێكدا دەسەلاتەكان زۆرترو زۆرترن لەوەی كە برا لێی تێگەیشتووە، وەك ئەوەی باوك لەناو خێزانداو خێزان لەناو كۆمەڵگاو ئایدیۆلۆژیای كۆمەڵ دەسەلات نەبن...!!! سەیرە كەسێك گا لەچاوی خۆیدا نەبینێو موو بەچاوی خەڵكییەوە ببینێ!! كۆیلە ئەو كەسەیە كە وەكو تۆ خۆی مەزاد بكات، هەڵبەتە لەخۆمەوە ئەو ئیتیهامەت ناكەم گەر بەڵگەم بەدەستەوە نەبێ ، لەماوەی 12 ساڵی رابردوو دا چەندین حیزبو لایەنو رێكخراوو دامودەزگای جیاجیات تاقیكردۆتەوەو لە هیچیاندا سەركەوتوو نەبوویت، بەم شێوەیەش بیر بكەیتەوە كە من هیوادارم بیركردنەوەكانت بگۆڕێن ئەگینا هەرگیز سەركەوتوو نابیت،تۆ بڕۆ لەجیاتی هەڕەشەی ناڕەواو نەخۆشانەت لە من بكەیت بەدوایی سەقامگیریی دەروونیی خۆتدا بگەڕێو خۆت بناسە...!! نەك لەملاشەوە بەخێر بێیتەوە زمانە شڕە ژەهراوییەكەت بۆ ناوزڕاندنی خەڵكی بخەیتە گەڕ ئەگەر چی زمانی تۆ هیچ نییە جگە لەناڵەو هاوارێك كە زۆر لە پەلەقاژەی سەرەمەرگانە دەچێ.

خوێنەری بەڕێز دیققەت بدە كوێر بە من دەڵێ لاچاوێكت خوارە و لە ئینشاكەیدا دەڵێ"دەبەنگیی لەوێدایە باوەڕت بە شتێكو فۆرمێكی كاركردن نەبێتوكەچی بێیتو شاباشی بۆ

لێبدەیت" من حەز دەکەم باش گوێبگریت لەوەی کە جەنابت دوای ئەم هـەموو خـۆ هـەراجکردن‌و زوڕنـا ژەنینـەت بـەر لـەمانگێك بـە تەلـەفۆن لەگـەڵ هاوڕێیـەکی منـدا لەبـەر هـەر هۆیـەك بووبێـت سوێندت بۆ خواردبوو وتبووت مـن ئـەو حیزبـە نـیم کـە ئێسـتا کـاری بـۆ دەکـەم، لـەکوێ لـەمنت بیستوە کە من وتبێتم ئەوە نیم کە کاری بۆ دەکەم ؟ با خوێنەر سەر پشك بێ لەوەی کە کامەیان گەمژەیە من یا تۆ؟ بەڵێ عەرەب گوتوویـەتی‌و زۆر راستیشـە "فاقـد الشـئ لایعگـی" بـەلاَم ئـەوە تۆیت ئەگەر سەرنج بدرێتە هەڵوێستەکانت"فاقد الشئ"یت‌و دەتەوێت بە خوێنـەر بڵێیـت "اعگـی" ئەگـەر نـا بەسـەرهاتی راڕایانـەو سەرلێشـێواوانەی تـۆ نـەدەبووە بنێشتەخۆشـەی سـەر زاران‌و مەجلیسی سەدان بگرە هەزاران ماڵ بخاتە پێکەنین، من لێرەشەوە دووبـارەی دەکەمـەوە کـە داخ بـۆ ئـەوە دەخـۆم کەسـێکی وەك تـۆی نامـەعریفیی بـەردەوام خـۆت لـە بیردەچـێتەوەو جگـە لـە ریزکردنی ناوی فەیلەسوف‌و کتێب‌و سەرچاوەکان هیچت لـەباردا نییـە، ئـەمڕۆ دێیـت‌و دەتـەوێ نەوەیەك لەم دەڤەرەدا گێژ بکەیت، کە ناتوانی.

لە راستیدا شەرم لەبەکارهێنانی ئەو وشە نەزۆکانەی تۆ دەکەم کە دژ بە من بـەکارتهێناوە، بـەلاَم ئـەوەی کـە مـن لێـی بێگومـانم‌و پشتئەسـتوورم پێـی، وریـایی‌و وشـیاریی خوێنـەرە لەبەرامبـەر هەمووانماندا . تـۆ هەرچـی بکـەیت‌و هەرچـی بیـت؟ هـەر ئـەوەیت کـە ناسراویت، بۆیـە مـن ئـەو ماندووبوونەشم لە کۆڵ بۆتەوە، هیوادارم ئیدی لێرەوە تێبگەیت.......